# (جیاوازیی نێوان جێناوی نادیار و هاوەڵناوی نادیار)

ئامادەکردنی/ م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

(٢٠٢٣/٢/٢٥)

| جێناوی نادیار | هاوەڵناوی نادیار |
|---|---|
| ١/ جێناوی نادیار: ئەو جێناوەیە، کە لەبری ناوی کەسێک، یان گیاندارێک، یان هەر شتێکی تر بەکاردەهێنرێت، بەڵام ناوەکە بەئاشکرا دیار نییە، کە کێیە و چییە؟ | ١/ هاوەڵناوی نادیار: ئەو هاوەڵناوەیە، کە جۆر و چۆنیەتی، یان ژمارە و بڕی ناوەکە بەشێوەیەکی نادیار دەستنیشان دەکات. |
| ٢/ سەر بە بەشە ئاخاوتنی (جێناو)ە و جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناو لە ڕووی واتاوە. | ٢/ سەر بە بەشە ئاخاوتنی (هاوەڵناو)ە و جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوەڵناو لە ڕووی واتاوە. |
| ٣/ ئەو وشانەی، کە دەتوانن ڕۆڵی جێناوی نادیار ببینن، ئەمانەن:<br>(فڵان، فیسار، کابرا، هین، کەس، ...) | ٣/ ئەو وشانەی، کە دەتوانن ڕۆڵی هاوەڵناوی نادیار ببینن، ئەمانەن:<br>(زۆر، کەم، هەندێک، دی، دیکە، ...) |
| ٤/ لە ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت، کە بریتین لە: (نیهاد، بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو، دیارخەری ناو، جێگری بکەر).<br>مەرجیش نییە هەمیشە گرێ دروست بکات، بەڵام دەتوانین گرێی پێ دروست بکەین.<br>نم/ فڵان ڕێزدارە.<br>فڵان/ جێناوی نادیارە، نیهادە.<br><br>نم/ خوێندکارەکەی فڵان دەرچوو.<br>خوێندکارەکە/ ناوە، ناسراوە، دیارخراوە.<br>ی/ ئامرازی دانەپاڵە.<br>فڵان/ جێناوی نادیارە، دیارخەری ناوی (خوێندکارەکە)یە. | ٤/ لە ڕستەدا تەنیا سێ ئەرکی هەیە، ئەویش بریتییە لە:<br>أ/ (دیارخەر)ی ناو، ئەگەر وەسفی ناوی کرد.<br>نم/ بەفرێکی زۆر باری.<br>لەم حاڵەتەدا هەمیشە (گرێی ناوی)مان بۆ دروست دەکات، ناوەکە دەبێت بە (دیارخراو) و خۆشی دەبێت بە (دیارخەر)ی ناوەکە.<br>ب/ (دیارخەر)ی هاوەڵناوی چۆنیەتی، ئەگەر وەسفی هاوەڵناوێکی چۆنیەتی کرد، بەڵام ئیتر پێی دەڵێین (ڕادەی هاوەڵناوی).<br>نم/ بەفرێکی زۆر باش باری.<br>لەم حاڵەتەدا هەمیشە (گرێی هاوەڵناوی)مان بۆ دروست دەکات، هاوەڵناوە چۆنیەتییەکە دەبێت بە (دیارخراو) و خۆشی دەبێت بە (دیارخەر)ی هاوەڵناوە چۆنیەتییەکە. |

| | |
|---|---|
| خوێندکارەکەی فڵان/ گرێی ناوییە، بکەرە. | ج/ (تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو)، ئەگەر بەتەنیا وەسفی کاری ناتەواوی کرد.<br>نم/ هەنارەکە زۆرە.<br>لێرە گرێ دروست ناکات. |
| ٥/ شوێنەکەی لەناو ڕستەدا، وەکو (ناو) وایە و بەپێی ئەرکەکەی شوێنەکەی دەگۆڕێت.<br>نم/ فڵان هات. (فڵان: بکەرە).<br>نم/ من دیارییەکە بە فڵان دەبەخشم.<br>(فڵان: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.) | ٥/ شوێنەکەی لەگەڵ ناوە دیارخراوەکەدا، بەم شێوەیەیە:<br>أ/ ئەگەر بکەوێتە پێش ناوە دیارخراوەکە، پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت.<br>نم/ زۆر بەفر باری.<br>ب/ ئەگەر بکەوێتە دوای ناوە دیارخراوەکە، پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەبێت.<br>نم/ بەفرێکی زۆر باری.<br>شوێنەکەی لەگەڵ هاوەڵناوە چۆنیەتییەکە، هەمیشە دەکەوێتە پێش هاوەڵناوەکە و پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵیش نابێت.<br>نم/ بەفرێکی زۆر باش باری.<br>شوێنەکەی لەگەڵ کارە ناتەواوەکە، هەمیشە دەکەوێتە پێش کارە ناتەواوەکە.<br>نم/ هەنارەکە زۆرە. |

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

# کۆتایی